# تـانـک

## حسەین مورتەزاییان ئابکەنار
## بۆ کوردیی ناویین: سوورێن ئیبراهیم

حسەین مورتەزاییان ئابکەنار: چیرۆکنووس و فیلمنووسی دیاری ئێرانیی، خاوەنی کۆچیرۆکی ‹کۆنسێرتی تارە قەدەغەکراوەکان و گوڵاوی فەرەنسیی و... ‹یە، ئەو فرەتر بە نۆڤڵێتی [دووپشک، لەسەر پلیکانەکانی وێستگەی قیتاری ئەندیمەشک یان ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان] بەناوبانگە، ئەم ڕۆمانە ‹بەڕۆژ ئاکرەیی› کردوویەتی بە کوردیی و دەزگەی ئاراس چاپی کردووە. ئابکەنار، نووسەری فیلمی ‹ماندوو›ی ئیبراهیمی سەعیدیی و ‹کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نییە›ی بەهمەنی قوبادییە...

پێم وت: ڕاستە دەڵێن، گوایە تۆ دەڵێی تانكێكت قووت داوە؟
سەرەتا وتی: ها؟
پاشان وتی: بەڵێ، بەڕاستمە.
وتم: تانكی ڕاستینە؟!
وتی: ئا.
كاتی قسە دەمی زۆر دادەچەقاند. وتم: ئاخر چۆنچۆنین؟
وتی: من خەریک بووم هاوارم دەكرد... ئەوەنەم زانی داقورتایە گەرووم.
ڕووی ترشاند، وتی: تاڵ بوو! بۆكزی دەدا.
وتم: ئاخر مرۆڤ چۆن تانكی بۆ قووت دەدرێ؟
پێكەنی. وتی: ئەی من گشت شتێ دەخۆم.
وتم: گشت شتێ؟
وتی: ئەرێ. ئەحمەدیش هەمیشە نیوەی بەشەخۆراكەكەی دەدایە من. ئاخر بێزی لە خۆراكی لەقوتوونراو دەهاتەوە. دەڵێ تامی گێلیی[1] دەدا.
وتم: دەی تانک جیاوازە!
چاوانی زلّتاند، وتی: چ جیاوازییەک؟!
زاق مابووە چاوانم. تیامابووم چی بێژم. وتم: بۆ تانكەكە چەنێ بوو؟
دەستەكانی لێک بەردان، وتی: زۆر... زل بوو! تانكێكی سەوزتۆخ. لەوانەی وا لە پشتەوە ئەریاڵێكی درێژیان هەیە... بەڵام ئەحمەد نەیتوانی بیخوات. دەمی داچەقاندبوو -ئاوا- بەڵام نەیتوانی.
وتم: بۆ ئەحمەدیش لەوێ بوو؟
وتی: ها...؟ بەڵێ.
چەن جارێ سەری لەقاند. وتم: ئەویش بینی؟
وتی: نا.
وتم: بۆچی؟!
وتی: ئاخر چاوانی نوقاندبوون... پاشان تانكەكە بەسەریا هات!
وتم: بەسەر ئەحمەدا؟!
وتی: بەڵێ. خۆ پێوپلی لەژێر تانكەكا نەبوو... دواتر ڕووەو من هات.
وتم: چی ڕووەو تۆ هات؟
وتی: تانكەكە!
چاوانی ئەبڵەقتر بووبوون. وتم: ئەی تۆ چیت كرد؟
وتی: هاوارم كرد. وتم دایە... بەڵام خۆ كەس دەنگمی نەدەبیست.
وتم: خەریک بوو ڕووەو تۆ دەهات؟
وتی: بەڵێ. نازانم. واتە خەریک بوو دەهات. ئاخر من چاوانم لێكنابوون. دەی خەریک بووم هاوارم دەكرد. ئەویش هەروا دەهات...

١- كاڵوخاو

چاوانی لێکنابوون. پاشان گەردنی لە شانی هەڵچەقاند. بە ئارامیی وتی: ئەوکات لەپڕ ون بوو...! زانیم لەپێشم وەستاوە... هێواش چاوانم کردنەوە. دیم لوولەئاسنەکەی ڕێک لە ڕاسەرمە...
ئازا وتم: پاشان چی بوو؟
وتی: پاشان هارژنێک هات، لێی دا: بممم... هێشتان هاڕەی لەنێو سەرمە.
دەستی خستە سەر سەری و دیسان چاوانی نووقاند. وتم چۆنچۆنیی هاتە نێو سکت؟
وتی: ها...؟ دەی لە دەممەوە! هێشتاش گرنجی زنجیرەکانی لەسەر زمانمە. ها ئەمەسانێ. بڕوانە...
تا بن زمانی دەرکێشا و نیشانی دام. زەرد بوو. پاشان وتی: یەکڕا دڵم گەرم داهات. زۆر گەرم بوو... هەنگینێ چاوم کردەوە ئەڕوانم تانکەکە دیار نییە...! دووکەڵ لە دەممەوە دەردەپەڕی! زانیم چووەتە نێو سکم. بۆکڕووزیش دەهات...
ڕووەو پێش نووشتابووەوە و دەمی داچەقابوو. وتی: تەنانەت نەمدەتوانی ببزووم. گەر جووڵابام، هەڵمدەهێناوە.
دەستی لەسەر زگی نا و لەپڕ سەری هێنایە پێش. چما هێقی بکاتەوە.
وتم: هێشتاش لە زگتایە؟
چەرچەفەکەی خستە لا، وتی: نا، کاکی پزیشک لە سکمی دەرهێنا.
بینیم لەسەر زگی ئەندازەی بستێک جێنەشتەرە! هێشتا تەقەڵەکانیان دەرنەهاوردبوو.
پزیشک دەیوت: شەوان لە تاو ئازار خەوی نەبوو، هەر هاواری لە زگی دەکرد... دەیگوت دەنگێلێ لە زگمەوە دێن...
پاشان کلکی چاویلکەکەی گرت و سەری سووڕاند. کلکەکەی لە مووەکانی گیراند.
وتی: ناچار نەشتەرگەرییم کرد.
پێم وت: ئیسەتێ ئەو تانکە لەکوێیە؟
پێی سەیر بوو. وتی: نەتدی؟
وتم: نا.
وتی: لە دەرێ، لە گۆڕەپانەکە! دەی ئەوە تانکەکەیە.
پاشان خۆی کوشمەڵە کرد و بێدەنگ ما. پشتی لە من بوو، بەڵام دیار بوو لە پەنجەرەوە تەماشای دەرێ دەکات. لێم پرسی: ئێستا زگت ژان ناکا؟
بەڵام هیچی نەگوت.

کاتێ لە باڵاخانەکە هاتمە دەر، هۆشم بە دەوروبەرمەوە هەر نەبوو. هەر لە بیری قسەکانیا بووم. گۆڕەپانەکەیان چیمەنکاریی کردبوو. سەرم لە خوار بوو، هەینێ دەرۆشتم یەکڕا چاوم بە داربییەک کەوت. شتێ لە پشت درەختەکەوە بوو. کاتێ ورد تێم نواڕی، دیتم تانکێکە! چما لە پشت لکوپۆکانەوە وەستابێ. هێواش بەرەو لای چووم. ڕەنگی سەوزتۆخ بوو، لە برێ جێ ڕەش دەچووەوە! ئەریاڵەکەی پشتەوەی لە گەرمای زۆر، داچەمیبوو! لوولەئاسنەکەی ڕێک ڕووەو من بوو. ڕۆشتمە پێشتر. سامێکی هەبوو. گەرەکم بوو دەستی لێ بخشێنم، بەڵام ترسام.

شەهریوەری ١٣٧٩

# هەزار پەیڤ دەربارەی گوڵشیریی
# یادداشت

حسەین مورتەزاییان ئابکەنار
بۆ کوردیی ناویین: سوورێن ئیبراهیم

## بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد: ‹ڕەشۆ›، لە هەرکوێیەک بێت.
## ‹وەرگێڕ›

## گەنج و گەوهەران کوا وان لە ماڵان
## گەنجەکەی ئێمە ها لە کەلاوان

شەوێ لە شەوانی مانگی خەرمانانی ساڵی دووهەزار، پاولۆ کۆیلۆ نووسەری بەناوبانگ و ڕەشۆکپەسەندی ئەمریکای لاتین، میوانی ئێرانییەکان بوو، ئێوارەخوانێک لەسەر شەرەفی ئەو لە کۆشکی نیاوەران ساز درابوو. زۆر کەسیان بانگهێشت کردبوو، بانگهێشتنامە بۆ منیش هاتبوو: دیداری پاولۆ کۆیلۆ لە کۆشکی نیاوەران بە ئێوارەخوانەوە. کۆیلۆ لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی ڕۆدۆژانیرۆی بەڕازیلە. وڵاتێ، کە تۆپێنەکەی لە ئەدەبییاتەکەی گرینگترە، لە پێشەکیی یەکێ لە پەڕتووکەکانیدا هاتووە، ئەو لە خێزانێکی مامناوەند، لە باوکێکی ئەندازیار و دایکێکی پەڕگیری ئایینیی بە دنیا هاتووە. دایبابی ئەویان لە فێرگەی عیساییەکان ناونووس کردووە، فێرگەیەک، کە بە سەختگیریی بەناوبانگ بوو. پاولۆ، لێرە تەکووزیی و بەرگەگرتنی سەختیی هەڵێنجا، بەڵام بڕوای بە مەسیح نەما. پاشان ڕۆشتە زانستگەی ماف، بەڵام هەر زوو دەستبەرداری بوو. حەزی بێسنووری بۆ هونەر، بووە هۆی ئەوەی بە خواستی دایبابی سێ جاران لە نەخۆشخانەی دەروونییان خەواند. بەڵام سەرەنجام ئەو لەوێ هەڵات، پاشان خووی دایە مارکس، ئەنگلس، چێ گوارا و بەشدارییەکی چالاکانەی لە خۆنیشاندانی شەقامەکان هەبوو، لەگەڵ ئەم گۆڕان و پێشوەچوونانە، دووچاری گێژاوێکی دەروونیی بوو، کە بێئیمانییەکەی دەبردە ژێر پرسیار. لەم ڕووەوە ئەزموونێکی تازەی مانەویی هەڵگۆزی: پەنای بۆ ماددەی هۆشبەر و ئایینزای جۆراوجۆر هێنا و بە شوێنپێی قەشە کارلۆس کاستێندادا سەرپاکی کیشوەری ئەمریکای لاتینی پەی کرد و جادووبازی چەشناوچەشنی ناسی. پاشان ڕۆشتە بەریتانیا و لەوێ خجڵی نووسینەوەی یادداشتەکانی بوو. ئەم کارە ساڵێکی لێ برد، تا ئەوەی ڕۆژێ دەستنووسەکەی لە قاوەخانەیەک بیر چوو. پاش سێ زەماوەندی ناکام، ساڵی ١٩٨١ زەماوەندی لەگەڵ کریستینا کرد. کۆیلۆ لە تەمەنی سیوچوارساڵییدا ئیمانی کاسۆلیکیانەی بەدەست هێنایەوە؛ ئەو ئیمانەی ساڵانێ بوو لەدەستی دابوو. ئەوکات گەشتی حەوتسەتکیلۆمەتریی جادەی سەن ژاک دوو کەمپۆستاڵی کرد. ڕێگەیەک، کە لە سەتە ناوەندییەکاندا سۆفییەکی زۆر ملیان پێوە نابوو.

لەم سەفەرەدا، کە چەشنی کراسگۆڕکێ بوو، یەکەمیین دەقی ئەدەبیی ئەو بە ناوی ‹سۆفییەکەی کەمپۆستاڵ›، ڕسکا. پەڕتووکی ‹کیمیاگەر›ی پاش ئەوە نووسی و پاشان پەڕتووکەکانی تری. ‹کیمیاگەر›، بەسەرهاتی شوانێکە بە ناوی سانتیاگۆ، کە شەوێ لە کەلاوەیەک دەخەوێ و جێوڕێی گەنجێکی شاراوەی پێ دەڵێن. ئەو بۆ دۆزینەوەی گەنجەکە ملی ڕێ دەگرێ و دواجار هەر لەو کەلاوەیە گەنجەکە دەدۆزێتەوە. هەڵبەت هاوتای ئەم دەقە بە بەربڵاویی لە وێژەی ئێران هاتووە؛ بۆ وێنە لە شیعری مەولانادا هەمان چیرۆک دەبینرێ. کۆیلۆ لە ئێران خوێنەری زۆرە و فرە پڕفرۆشە، بە چاپی چەشناوچەشن و گیرفانیی و گەورە و گرانبەها، کۆیلۆ دەڵێ بە ئەندازەی سێ ژیانی تر پارەی هەیە، بەڵام ئەو وای پێ باشە ساڵی چوارسەت هەزار دۆلار لەو پارەی وا لە بەرهەمەکانی دەستی دەکەوێ، بداتە ئەو بونیادەی بە ناوی خۆیەتی و کاترینا بەڕێوەی دەبا.
ئەو شەوە ئاهەنگێکی شکۆدار ساز درابوو. زۆر کەس هاتبوون. وەزیری ئێرشادیش لەوێ بوو. دەی کاتێ میوانەکان کۆیلۆیان دیت، چەپڵەیان بۆ لێ دا، ئەویش هەروا کە پەرداخە ساردییەکەی لە دەست بوو، لە باخەکەدا پیاسەی دەکرد و تەوقەی لەگەڵ خەڵکان دەکرد...
ئەو شەوە گوڵشیریی لە نەخۆشخانەی ئێران میهر بێهۆش کەوتبوو.

ئەوەی وا گەنجە لە خەیاڵی تۆ
خەیاڵ گم دەکا گەنجەکە لە تۆ[٢]

***

٢- مەولانا

# گوڵاوی فەرەنسیی

حسەین مورتەزاییان ئابکەنار
بۆ کوردیی ناویین: سوورێن ئیبراهیم

لەپەوڕوو خۆی بەسەر جێخەوەکەدا دا. قژە ڕەشەکەی بەسەر چەرچەفە سپییەکەدا پەخشان بوو. بۆنی ئارەقەی کۆنەی گیانی و ئەو عەترەی لە جەستەیەوە لەسەر چەرچەفەکە جێ مابوو بە لووتیا هات. نێولەپەکانی کردنەوە و توند قوڕانیشەکانی لە تەنیشتی گیراند. پشتی تەقاند و ئەژنۆیەکی هەڵبڕی. کراسخەوە پەمەییەکەی تا بنڕانی داخزا... بە بزاوتێکی نەرم کەمەری لە تەختەکە گیراند و هێواش ئەژنۆی بۆ بانوخوار کرد... پاشان زیاتر سەری لە چەرچەفەکە ڕۆ برد و سەری هەڵچەرخاند و ورشەی تاریکوڕوونی گلۆپخەوەکەی لە نێوان تاڵەقژەکانیەوە دی. دەیزانی هێشتان چارەکەسەعاتێکی ماوە تا تەپەی پێی لە پلیکانەکەوە بژنەفێ. لە تڵپەی هێواش و جکی کەوشەکانی گومانی برد کەتە و زراڤ بێ: یەک یەک پلەکانی دەبڕی و لەسەر پێماڵەکە پلوپای بوو، لە پێش دەرگەی ئاپارتمانی ڕووبەڕوو ئیستێکی دەکرد و لە گیرفانیدا لە دەستەکلیلەکەی دەگەڕا... دووجار خرچەی کلیل لە کێلۆنی دەرگە بیسترا و پاشان تەقوهوڕی ئاڵقەڕێزی دەرگە کە دەلەنگایەوە. خۆی گرمۆڵە کرد، چەرچەفەکەی لۆچی بەست و لێی پێچیا. هەر ڕێیە کە تلی دەدا چەرچەفەکە قایمتر لە دەوری پشتی دەپێچیا... بۆ ساتێ هەروا مایەوە. پاشان یەکڕێ هەناسەی داوە و هەڵسا. سەرشانی کراسخەوەکەی لە سەرشانەوە ترازاند. کراسەکەی تا خوار پێی داخزا. پێی لە سەرشانی کراسەکەی دەرکێشا. ڕووەو گەرماو ڕۆیشت. دەرگەی گەرماوی کردەوە و پێی لە نێو بانیۆ بچکەڵەکە نا. دەرگەش هەروا واز بوو. شێری ئاوە ساردەکەی بەرداوە. بە هەردوو دەست قژەکەی هەڵپێچا و لە ڕاسەری تۆپەڵی کرد و بە دەستێ ڕایگرت. قاچێکی خستە بەر ئاوە ساردەکە و هەستی کرد مووچڕکی تێ دەگەڕێ. قاچی بردە پێشتر و تا بانڕانی تەڕ کرد... دووشە دەستییەکەی هەڵگرت و لە سنگی گیراند. نەختێ هەناسەبڕکەی پێ کەوت، خستییە سەر شانەکانی و شۆلاوەی ساردی ئاوەکەی تا خوار بڕبڕەکانی پشتی هەست پێ دەکرد... شێری ئاوەکەی گرتەوە، لە بانیۆ هاتە دەرێ و لەسەر پێماڵێکی مووتەڵە[3] وەستا تا وشک بێتەوە. خاولییەکەی دا بە شانیا و لە گەرماو دەرکەوت... کراسە پیاوانەکەی لەسەر کورسییەکە هەڵگرت. پشتی ڕاستۆ کرد و شانی کشانەوە و خاولییەکەی بۆ سەر ئەرد برک دا. پاشان یەک یەک دەستەکانی لە سەرقۆڵەکان هەڵکێشا. کە دەستی هەڵبڕی کراسەکە داخزا و لەسەر جەستەی نیشت. بە پێش ئاوێنەکەدا تێپەڕی و سەیری خۆی نەکرد. تەنیا بە لاچاوێک سووریی کراسەکەی دیت کاتێ بە بەر ئاوێنەکەدا ڕادەبووری.

٣-بچووک

لە لێوی تەختەکە دانیشت و ڕوومەتی لەنێوان دەستەکانیا گرت. ماوەیە هەر وا مایەوە. پاش تۆزێ سەری هەڵبڕی و بە پەنجەی دەستێکی قژی بۆ پاشێ هەڵداوە. تەماشایەکی گوڵاوە فەرەنسییەکەی لاکەشی مێزەکەی کرد. شووشەکەی نێوەپڕ بوو. دەیزانی ئیتر نزیکی هاتنێتی. هەڵسا و عەترەکەی هەڵگرت. ورد ڕووەو دەرگە ڕۆی. دەرگەی ترازاند و لە شیپانەی دەرگەوە سەری کێشا. سەیرێکی دەرگەی ئاپارتمانی بەرانبەری کرد، کە داخرابوو، هێواشێک هاتەوە ناو. دەستی هەڵبڕی و بە پەنجەی دۆشاومژەی پرژێنەرەکەی داگرت، بە بزواتی دەستی جوغزێک لە تۆزی گوڵاوی لە هەوا پڕژاند... دەرگەی پێوە دا، پشتەودەرگە، ئێستێکی کرد و هەناسەی داوە. گەڕاوە بۆ ژووری نووستن و لەسەر پشت خۆی باوێژتە سەر نوێنکە و دەستەکانی لێک بەردان.

٦ی تیرماهی ١٣٧٨

سەرچاوە:
http://hosseinabkenar.com

***